# مفاوەزات ( مامەڵەکردن) و هونەری مفاوەزات و بنەماکانی ناوبژی کردن (Mediation)

**ئاسۆ حامدی**
ئوکتوبەری 2005

سەرخەتی گشتی:
لە کۆمەلگای شارستانیدا مفاوەزات دەبێ ببێتە هونەرێ بۆ بنیڕ کردنی توندی بەکارهێنان و شەڕ و کوشت و کوشتار.مفاوەزات دەکرێ لەسەر هەموو شتێ بکرێت، هەر لە کالاکانی بازاڕ تا دەگاتە کێشە سنووریەکانی نیوان دەولەتان و بەیەکەوە کارکردن و تحالفاتی پارتەسیاسیەکان بۆ دامەزراندنی دەولەت و دامو دەزگاکانی دەولەت.
هەر مەسەلەیەک مەودای خۆی هەیە، زۆر مەسایلی چینایەتی ، نەتەوەی، سنووری،ئەمنی نەتەوەی مامەڵەی لەسەر نیەو هێلی سووری خۆی هەیە، هەرکەسێ ئەم هێلەی پەڕاند ئەوا لە مفاوەزات دا گرفتیکی زۆری دەبێ و دەبی دلسۆز بە مەسەلەکان نەبێ.
لە هەمان کاتدا مفاوەزات خوازیاریەکی هەردوو تەرەفە بۆ گەیشتن بە چارەیەکی مناسب..

گرنگترین مەرجی سەرکەوتنی مفاوەزات دەبێ هەردوو لا یانی تەرەفەکانی کە مفاوەزات دەکەن دەبێ سەرکەوتنی مەسەلە سەرەکیەکە بە سەرکەتنی خۆیان دابنێن، یانی مەسەلەکە دەبێ بە هاوکاری و تەبای چارەسەر بکەن. نەک بەسەرکەوتنی لایەک لەسەر حسابی تەرەفەکەی تر بێت.
ئەگەر براوە و دۆراو هەبوو لە لایەنەکاندا ئەوا ناوەرۆکی مەسەلەی مفاوەزات بە سەرکەوتن ناگات.
چونیەتی مامەڵە کردن لە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەل لیپرسراویەتیەکی میژوویە،میژوو حسابی خۆی دەکات..بێ رەحمە و هیچ کەس ناتوانێ رەورەوەکەی بگێریتەوە.
فەرەنساویەکان گۆری نۆکرانیان لە گۆرستانی شورشگیران توور هەلدا..ئەمە بیرهینانەوەیەکە بۆ ئەوانەی زۆر سادە تەماشای مامەڵە لەسەر مەسەلە چارەنووس سازەکان دەکەن.
مفاوەزات لە سەر گرفتە ناوخۆییەکان و چارەسەری مەسەلە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووریەکان، مفاوەزاتی کێشە نا دوژمنانەیە، واتە هەردوو لایەن یەک ئامانجیان هەیە، کە ئەویش گەیشتنە بە ئامرازیکی چالاک بۆ چاککردنی کۆمەلگا.
بەلام مفاوەزات لە سەر گرفتە دەرەکیەکان جیایی زۆرییان هەیە و مەسەلەیەکی دووژمنانەیە یانی مەسەلەیەکە لە کیشمەکیشکی دەرەکی دایە.لیرەدا دەبی بەجۆریکی تر مامەلە لەگەڵ تەرەفی بەرامبەر بکات و زۆر پتەو بچیتە مەیدانی مفاوەزات و نابێ هەرگیز لە خۆیەوە بریار و مەسەلەکانی مفاوەزات قەبوول بکات و هەلسوکەوت بکات. دەبێ هەردەم بگەرێتەوە مەرکەزی بریار دان کە گەل خۆیەتی...
گرنگترین هونەر مفاوەزات پشوو درێژو خستنە رووی مەسەلەکانە لە بەرزترین داواکاری دا و دیاریکردنی هیلی سوور لە مەسەلەکان و دیاریکردنی مەوداکانی مفاوەزات و دیاریکردنی کات لە مفاوەزاتدا کەی هیرش دەکات و کەی دەگەرێتە دواوە. ئەگەر ئەوانە هەموو ڕۆشنبوون ئەوکات مفاوەزات سەرخەتی روون و بەردەوامی دیار دەبێ.
تا ئیستاش لە مفاوەزاتی نیوان چینە جیاوازەکاندا مەسەلەی هەڕەشە و گوورەشە بەکاردیت، بەنموونە لە مفاوەزاتی نیوان رابەرانی کریکاران و خاوەنکاران کریکاران دەست بۆ چەکی مانگرتن و راپەرین دەبەن، یان خاوەنکارەکان هەرەشەی داخستنی کارگەو گواستنەوەی بۆ وولاتی تر دەکەن..بەکورتی زەمەنی هەلچوون و چاوسوورکردنەوە هەرماوە، ئەگەرچی لە واقعدا لە کۆمەلگایێ کە یاسا سەروەرە نابێ هەبێ..لە کاتی خۆ ئامادەکردنی جەنگە ئیمپریالیستیەکاندا بالویزەکانیان لە ناو بارەگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەرەشەی گەمارۆی ئابووری، یان هیرشی سەربازی دژی تەرەفەکانی مفاوەزات دەخەنە روو. ئەم پالەپەستۆیە جۆرێ لە سەرکوتە و ئەمە لە خانەی ووتویژدا دەردەچێ..هۆیەکانی بۆ مندالانی قوتانخانەکانی سەرەتاییش رۆشنە و پێویست بە زیاتر روونکردنەوە نیە.

**) و بنەماکانی : Mediation ناوبژی کردن (**

پرۆسەکانی مفاوەزات پێ دەڵێن ناوبژی کردن ، بەلام لیرەدا هەردوو تەرەف یان لایەن دەیانەوی لەگەل یەکدا بەیەکە کاربکەن و هەڵ بکەن بەلام گرفت و کێشەیان هەیە، هەردوو لا خوازیاری چاککردنینە.

**: بنەماکانیMediation**

ئامرازەکان، یان کەرەستەکانی بەردەست، یان مەسەلەیارمەتیدەرەکانRegels
شارەزاییەکان ، زانیاریەکان دەربارەی مەسەلەکان و کیشەکان Feiten
هەست و نەستەکان، مەسەلە لاشعوریەکانی هەردوو لایەنGevoel en motivatie
رەغبەتەکان و شانسەکانی هەردوو لا.Belangen en Kansen
چارەسەرەکان.Oplossingen
بەڵینەکان.Afspraken

سەرچاوە
milieu projectmanagement 2005) ،Saxion hogeschool Deventer(
ئەم پرۆسێسە زیاتر بۆ چارەسەری گرفتەکانی نادوژمنانە یانی ناوخۆییەکان بەکاردێت..هەردوو لایەن دەیانەوێ گرفتەکانیان چارەسەر بکرێت، بۆ گەشەدان بە کاروچالاکیەکانیان.
ئەگەرچی ئەمە دەکرێ بۆ مەسەلە دەرەکیەکان و دیاریکردنی سنووری نێوان دوو وولاتیش بەکاربێت.
ئەم پرۆسەیە لە هۆلەندا بۆ لە بەین بردنی کیشەکانی نیوان گەنجەکان و مندالان و قوتابیانی قۆناغە جیاجیاکاندا بەکاردی.هەروەها لە کاتی کێشەکانی نیوان کریکاران یەک بەش و کارگەدا بەکاردیت. تا مرۆڤەکان خۆیان بتوانن چارەسەری کێشە و ناکۆکیەکانیان بکەن.
یان لە کاتی دیاریکردنی قەراردادی کریکاری نیوان ئیتحادیە کریکاریەکان و خاوەنکارەکان دا بەکاردیت، کاتی کە نوینەران ناتوانن بەردەوام بە گفتوگۆیەکان بدەن.
ئەگەر لایەنێ نەیویست هاوکاری پرۆسەکە بکات ئەوکات مامەڵە و ناوبژی هیچ کاریگەری نیە و دەبێ دەست بە پێشمەرجەکانی بکریت بۆ ئامادەبوونی هەردوو لا بۆ مفاوەزات...
لە کۆمەلگای شارستانیدا دەبێ یاسا سەروەری گشت بێ ، مرۆڤەکان خۆیان خوازیاری چاککردنی کۆمەلگاو لیپرسراویەتی بگرنە ئەستۆ بۆ گەیشتن بە ئاستێ کە مرۆڤەکان شایستەین.
گرنگترین مەسەلە لە ناوبژیکردندا مەسەلە لاشعووریەکانی هەردوو لایەنە کە بۆ ناوبژی کەر زۆر زەحمەتە هەموو کات لایەنە شاراوەکان لە دەروونی مرۆڤ دا بخوینیتەوە، ئەمە شارەزایی زۆری عەمەلی دەوێ..

**بەکورتی:**
مفاوەزات و ناوبژیکردن و مامەڵە کردن شارەزایی و پشوو و دلسۆزی دەوێ، لە کۆمەلگای شارستانیدا هۆیەکە بۆ هاوکاری و بەیەکەوە ژیان، لەهەمان کاتدا مەسەلە چارەنووس سازەکان مامەڵەیان لەسەر نیە، ئەگەرچی نیزامی سەرمایەداری مامەلە بە گورچیلەکانمان و کچۆلە جوانە نەوەکانی چینی کریکاردەکات و دلسۆزترین ناسیونالیست زەوی و سنووری ولاتەکەی دەدا بە دوژمنی بۆ مەکسەبی شەخسی مانەوەی لە دەسەلات دا.
کۆمەلگای یاسای کۆتایی بەم رەوەندانە دێنێ، کە هەموومان خوازیاری ژیانییکی بێ کوشت و کوشتار و دیالۆگی زانستین لەسەر بنەمای یاساییدا، لیرەدا رووبەرووی چەندین پرسیار دەبیەنەوە، کە خوینەران ئازادن لە وەلام دانەوەی..

**تێبینی:** دەکرێ بۆ بنیر کردنی گەندەڵی ئیداری لە کوردستان، یان بۆ پەلکێشکردنی نۆکەران و خائینانی مەسەلەی رەوای گەلی کورد بۆ دادگاکان، مەسەلەی رفراندوم هتد ..
وەکو چارەسەرێ بەشێوەیەکی زانستی بەکاربیت..یان بۆ گەشەدانMediation

یان بۆ پەرەدان بە ریکخراوەو سەندیکا کریکاریەکان و دامەزراندنی فدراسیونی سەراسەری کریکارانی کوردستان. یان تحالفاتی ئەحزابە چەپەکان لە کوردستان وەک ئەلتەرناتیڤ بۆ ئیدارەی کوردستان ئەم میسۆدە بەکاربیت...